## سەمیر نوری – ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق:

# لە کوردستان ناسیۆنالیزم گیری کردووە و بنبەست و بێ ڕێگاچارەیە

■ دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

**بۆ قسەوباسکردن لەمەڕ دۆزی چەپ وهۆکارەکانی لاوازبوون و پەراوێزبوونی ئەم ڕەوتە سیاسییە لە کوردستان و ئەگەری ژیاندنەوەی بۆ قۆناغێکی نوێ، لەم دیمانەیەدا سەمیر نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق، وەڵامی پرسیارەکانی کوردستان راپۆرتی داوەتەوە.**

**کوردستان راپۆرت:** لەم چەند ساڵەی دوایییدابزووتنەوەیچەپوسۆسیالیستیی لە کوردستان بەتەواوەتی پاشەکشەی کرد و مەیدانەکەی بۆ بزووتنەوە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەجێهێشت، لەکاتێکدا لە رابردوودا چەپ لە کوردستان خاوەنی هێزێکی تاراددەیەک حیساب بۆکراو بوو، هۆکاری سەرەکیی ئەم پاشەکشەیەی بزووتنەوەی چەپ لەچیدا دەبیننەوە؟

**سەمیر نوری:** من پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، ئەمەوێ تایتڵی بابەتەکە تۆزی شەن و کەو بکەم. "پێگەی چەپ " چەمکێکە قابلی لێکدانەوەی زۆرە و موشەخس نییە، من دواتر باسێک لە "پێگە"ی چەپ دەکەم، بەڵام سەرەتا دەبێ ڕۆشن بێ مەبەستمان لەچەپ چییە؟ کەم نین ئەوانەی خۆیان بە چەپ دەزانن، لەباڵی چەپی ناو حزبە قەومییەکانەوە تا دەگات بە حزبی زەحمەتکێشان و حزبی شیوعی کوردستان و چەند گروپ و دەستە و تاقمی دیکە، تا دەگات بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپ، هەموویان دەگرێتەوە و ئیحتماله فراوانتریش بێت. من خۆم سەر بە کۆمونیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەزانم، نەک چەپ بەگشتی. بەشێک لەم چەپانە نزیکەی دوو دەیە پێش ئیستا ئاڵاکانیان پێچایەوە و داس و چەکوشیان لە ئاڵاکانیان کردەوە و پەیوەست بوون بە باهۆزی دیموکراتییەت بە دوای رووخانی شوورەوی و بلوکی رۆژهەڵات و داڕووخانی سەرمایەی دەوڵەتیدا. کۆمەڵەی رەنجەدەران و جلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا کە باڵی ماویەکان بوون، تا دەگات بە قیادە مەرکەزی و حزبی شیوعی کوردستان زۆرێک لەو هێزانەی کە نوێنەرایەتی سۆشیال پۆپۆلیزمیان دەکرد، خۆیان سەر بە بزووتنەوەی ناسیونالستی بوون، بە هەڵوەشانەوەی بلۆکی شەرق ئەمانە ئیتر پێگەی مانەوەشیان وەک چەپ لە دەستدا، بە هەویەی واقیعی خۆیانەوە دەستیان دایە چالاکی. قەیرانی ئەمانە قەیرانی بزووتنەوەیەک بوو بە کۆتایی هاتنی دنیای دوو قوتبی و هەڵمەتی دژی کۆمۆنیزم و راگەیاندنی "مەرگی کۆمۆنیزم" کە سەرمایەی بازاڕی ئازاد و دیموکراتخوازەکان بە رابەرایەتی ئەمریکا دەستیان پێکردبوو بە لوتکەی خۆی گەیشت. پێش ئەوەی بچمە سەر ناوەڕۆکی باسەکە ئەمەوێ چەمکی پێگەی چەپ ڕۆشن بکەمەوە.

پێگەی کۆمۆنیزم چینی کرێکار و خەباتی چینایەتییە و بوونی چەوسانەوەی چینایەتییە، بۆیە کۆمۆنیزم وەک مارکس و ئەنگلس لە پێشەکی مانفێستی کۆمۆنیستدا باسی دەکەن و دەڵێن: مانفێستی کۆمۆنیست بەیانی بزووتنەوەیەکە کە پێشتر بەخۆی دەڵێ کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی ماددییە و تا چەوسانەوەی چینایەتی و خەباتی چینایەتی هەیە، کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی زیندوو و بەردەوامە. من پێگەی کۆمۆنیزم بەمە دەزانم، فاکتۆری تر وەک فاکتۆری سیاسی لە بەهێزکردن و لاوازکردنی ئەم بزووتنەوەیە کارکردی خۆیان هەیە و ناتوانرێت بە پێگەی کۆمۆنیزم بەحیساب بێن، من پێموایە ئێستا لە هەموو سەردەمێک زیاتر پێگەی کۆمۆنیزم بەهێزترە، چونکە سەرمایەداری سەرانسەری دنیای گرتووەتەوە، بۆیە خەباتی چینایەتی لەهەموو کات زیاتر ڕۆشنتر و فراوانترە.

من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیی لە کوردستان بەتەواوەتی پاشەکشەی کردووە و مەیدانەکەی بۆ بزووتنەوە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەجێهێشتووە، چەپ و کۆمونیزم لە ماوەی دوو دەیەدا چەندان هەڵبەزودابەزی کردووە، بزووتنەوەی شورای بە خۆوە بینی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دروستکرد و دەیان رێکخراوی کرێکاری و جەماوەری بەدوای خۆیدا هێنا، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٤ وە بە رادەیەک لاوازییەکی بەخۆوە بینی، بەڵام وانەبووە کە گۆڕەپانەکەی بۆ ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی بەجێهێشتبێ، لە دیفاع لە ئازادی رۆژنامەگەری، لەبەرامبەر داسەپاندنی یاسای فرەژنی و بەرێخستنی بزووتنەوەی داواکارییە دەسبەجێکانی خەڵک چالاک بوون و ئەمانە بەشێک بوون لە چالاکییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دوو ساڵی رابردوودا.

**کوردستان راپۆرت:** هۆکارەکانی ئەو لاوازییەی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم کە باست کرد چین؟

**سەمیر نوری:** من دواتر ڕوونی دەکەمەوە کرۆکی کێشەکە لە کوێدا خۆی مەڵاسداوە، کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی ئینترناسیۆنالستییە و بە ئاڵوگۆڕە جیهانیەکان، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ، ئەمەش مانای وانییە شەرایەتی تایبەت کارکرد و تەئسیری تایبەتی لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دانەنێت، بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانیش هەمان شتە. هەڵمەتێک کە بورژوازی بەرێیان خست لە دژی کۆمۆنیزم لە ژێرناوی مەرگی کۆمۆنیزم، لە دوای رووخانی سۆڤیەت و هەرەسی دیواری بەرلین لە مێژووی بەشەرەیتدا کەم وێنە بوو، بەڵام ئەم هەڵاڵایە زۆر درێژەی نەکێشا و بانگەوازی سولح و سەفا و دیموکرایەت کە جاڕیان بۆ دەدا، لە کەمترین وختدا بە درۆ کەوتەوە و جیهان گۆڕا بە کانونی کوشت و کوشتار و جەنگ و میلیتاریزم، ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی سوپەرپاوەری خۆی سیاسەتی میلیتاریزمی گەیاندە ترۆپکی خۆی، نەک لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێیەم، بەڵکو جەنگی کێشا بۆ بەشێک لە ئەوروپاش، سەردەم گۆڕا بەسەردەمی باڵادەستی ناسیونالیزم و عەشیرەتگەری و دین و کۆنەپەرستی، لە جیاتی هەویەی ئینسانی هەویەی قەومی و دینی و عەشیرەتی و کوشت و کوشتار لە سەر هەویە، بوو بە یەکێک لە سیماکانی ئەم سەردەمە، راوەندا، سۆماڵ، عێراق، ئەفغانستان، یوغسلافیا، لوبنان، فەلەستین، سودان، چیچان و ...هتد ئەو وڵاتانە بوون کە کارەساتی ئینسانی زۆر گەوەیان بەسەردا هات. هەر بۆیە چەپ و کۆمۆنیزم جارێکیتر برەویان پەیدا کرد، وەک مەنسور حکمەت لە کۆتایی یەک دەورەدا باسی دەکات، بەڵام ئەم دەوریە لە ژێر کارکردەکانی ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەردا کە جارێکیتر دنیای لولی ناو گێژاوی کێشمەکێشی دوو قوتبی ئیسلامی سیاسی لەلایەک و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە کرد، بۆ دەورەیەکیتر کۆمەڵگەی نوقمی شەڕ و میلیتاریزم کرد و بواری بۆ بەهێز بوونەوەی چەپ تەنگ کردەوە.

سالی١٩٦٠ لە کەرکوک لەدایکبووە، لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی پزیشکی قبووڵ بووە ساڵی ١٩٨٠، حەوت ساڵ لەم کۆلیژەدا ماوەتەوە تا قۆناغی سێیەمی خوێندوە، چونکە سێ جار فەسڵ کراوە، ساڵی ١٩٨٧ژیانی خێزانی دەستپێکردووە دوو منداڵی هەیە. تا ساڵی ١٩٩٠ وەک یەکیک لە کادرە چالاکەکانی رەوتی کۆمۆنیست لە هەولێر و کەرکوک چالاکی کردوە و دواتر وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رەوتی کۆمۆنیست هەڵبژێردراوە. بە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە کۆمیتەی رابەری ئەو حزبە لە کوردستان چالاکی نواندووە و ماوەیەک سەرنووسەری رۆژنامەی (بۆپێشەوە) بووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کێشمەکێشەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گەڵ کۆمەڵێک کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپیان پێکهێنا و تا ئێستا ئەندامی مەکتەب سیاسی ئەو حزبەیە.



ئەمریکا کە بۆ هەڵێک دەگەڕا جەنگ و میلیتاریزم کە روکنێکی جەوهەری سیاسەتی ئەوە درێژە پێبدات و جەنگ لە ئەفغانستان دواتریش لە عێراق لە ژێر ناونیشانی شەڕی تیرۆریزم و جەنگی خۆپاراستن و تەوەرەکانی شەڕ درێژە پێبدات و جارێکیتر جیهان راپێچ بکات بۆ شەڕ و بوار لەبەردەم بەهێزبوونەوەی سیاسەتی ئینسانی و کۆمۆنیستی بەرتەسک بکاتەوە.

ناسیۆنالزمی کورد کە لەو دیوی سنورەکانەوە ئەیانڕوانییە کوردستان، بە بەرپابوونی جەنگی خەلیج، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، ئاڵاکانیان لە لولەی تانکەکانی ئەمریکا ئاڵاند، وەک هاوپەیمانی ئەمریکا و نوینەری دیموکراتییەت هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، لەپای ئەم خزمەتانەی بە ئەمریکاو نەزمی نوێ خۆێناوییەکەی پێشکەشیان کرد، ئەم جێگە و ڕێگەیەیان پێبەخشین کە ئەمرۆ لێی بەهرەمەندن.

مێژووی کۆمۆنیزم و چەپ لە کوردستان لەم دوو دەیەیەدا مێژووی ململانێ و سنووربەندی بوو لەگەڵ ئەم ناسیۆنالیزمەدا، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان نە پێگەیکی بەهێزیان هەیە و نە شانسی گەشەکردنیان هەیە، بۆیە من پیمواییە ئیسلامی سیاسی پێیان لە ورگی ناسیۆنالزمەدایە و شەریکی هەمان رەوەندن، بزووتنەوەی ناسیونالستی دینی هەموویانی تیادا کۆدەبێتەوە.

لەیەکەم رۆژی دامەزراندنی شوراکانەوە، یەکێتی نیشتمانی لە رادیۆکەیانەوە رایانگەیاند کە دەبێت شوراکان دابخرێن، کە هاتنە ناوشارەوە ئێمە کۆمۆنیستەکان لە زۆر شوێندا بەهێز بووین، ئەوان نەیاندەتوانی بمانپلیقێننەوە، بەڵام لەهەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ دەهێناین. لەهەموو لایەکەوە بانگەشەی مەرگی کۆمۆنیزم بوو، لە کوردستان ئاڵای کۆمۆنیزم بەرز دەکرایەوە. کەم نەبوون ئەوانەی لە کوردستان پەیوەست بوون بە باهۆزی دیموکراتییەت، حزبی شیوعی لەبەرەی کوردستانیدا شەریکی ناسیۆنالزم بوو هەتا لەهێرش بۆ سەر شورا و کۆمۆنیستەکاندا، کادرەکانی رەوتی کۆمۆنیست لە زاخۆ لەلایەن نوێنەری بەرەی کوردستانی کە کادری حزبی شیوعی بوو، دادگایی کران، لەبەر ئەوەی دەیانویست بنکەی رەوت بکەنەوە لەو شارە. موهەتدی لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران نامەی خەمخۆری بۆ یەکێتی نیشتمانی دەنووسی، ناسیۆناڵ چەپەکانی کوردستان بەهەموویانەوە ناسیونالزمیان بە دەم و دان دەپاراست و خۆیان بە شەریک دەزانی لە پرۆسەی سیاسی کوردستان و بەهێز بوونی ناسیونالیزم. کوردستان وڵاتێکی سەرمایەدارییە و کێشمەکێشی نێوان کار و سەرمایە لە کوردستان دەمێکە دەستی پێکردوە و کۆمۆنیزم لە کوردستاندالەدڵیئەمکێشمەکێشەدایە، ئایا کێشەی ژنان و کێشە بێکاری و کێشەکانی چینی کرێکار، سکۆلاریزم وچارەنووسی سیاسی کوردستان کێشە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم نین کە کۆمەڵگەی کوردستان پێوە دەناڵێنی، بەغەیری کۆمۆنیزم کێ وەڵامی هەیە بۆ ئەم کێشانە؟

**کوردستان راپۆرت:** دوای ئەم قەیرانە داراییەی کە سیستمی سەرمایەداریی هاوچەرخی گرتەوە، وا باسدەکرێت رەنگبێ رووکردنەوە سیستمی سۆسیالیستی پەرەسەندن بەخۆوە ببینێ، ئایا لە کوردستان بزووتنەوەی چەپ لەدۆخێکدایە بتوانێت لەسەر شانۆی سیاسەتی کۆمەڵگە رۆڵێکی کارا و دیار بگێڕێت؟

**سەمیر نوری:** خەریکە بابەتێک دەخەینەڕوو کە بە رووخانی دیواری (بەرلین) دەستپێدەکات و بە رووخانی (واڵ ستریت) کۆتایی دێت، یان باشترە بڵێین دەورەیەکی تازە بە رووخانی واڵ ستیرت دەست پێدەکات. بە رووخانی سۆڤیەت و بلۆکی رۆژهەڵات و سەرمایەی دەوڵەتی، بۆرژوازی غەرب رایگەیاند کۆمۆنیزم مرد، ئیتر سەردەم سەردەمی بازاڕی ئازادە و ئیتر دەوڵەت هیچ دەخالەتێ ناکات لە ئابووریدا، دەوڵەتی ریفاه کۆتایی هات و رێکخراوە کرێکارییەکانیان بە داینەسور شوبهاند. ئەمە لە رووی ئایدیۆلوژی و سیاسییەوە یەک دەورە ژیانی کۆمەڵگەی بەشەرییان خستە ژێر مەنگەنەی خۆیانەوە، ئۆمانیزمیان لە خاچ دا، باسکردنی کۆمۆنیزمیان بە خەیاڵ لە قەڵەم دەدا، بەڵام بە رووخانی واڵ ستریت نەک لە رووی ماڵییەوە، بەڵکو لە رووی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلوژییەوە بورژوازی تووشی بنبەست بوو. دەوڵەتێک وەک ئەمریکا نەفی هەر دەخاڵەتێکی دەوڵەتی دەکرد لە ئابووریدا، لە یەکەم رۆژەکانی سەرهەڵدانی ئەم قەیرانەوە بە دیموکراتخواز و جمهوریخوازەوە چوونە پای تەرخانکردنی سەدان ملیار دۆلار لە گیرفانی خەڵک پارەیان دەرکرد و کردیان بە قوڕگی قوماربازەکانی واڵ ستریتدا، یانی دەستیان برد بۆ دەخالەتی دەوڵەتی لە بەرژەوەندی سەرمایە. قسەکەران سیاسەتمەداران و موهەندسینی ئەفکاری بورژوازی گەوج بوون نازانن بڵێن چی؟ کام سیستەمە دروستە، سەرمایەی دەوڵەتی خۆیان رایانگەیان هەرەسی هێناوە و بازاڕی ئازادیش وا گیان دەدا، دەڵێن مارکس لە رووی ئابوورییەوە راستی وتووە دەربارەی قەیرانی ئابووری، بەڵام لە رووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە سەبارەت بە مارکس بێدەنگن. لە رووی سیاسییەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق کە شوێنێکی نموونەیی بوو بۆ جێبەجێکردنی نەزمی نوێی جیهانییەکەیان بە شکستیانی گەیاند و جۆرج بوش و هاوڕێکانی لە کۆنسەرڤەتیڤە تازەکان یەک بەدوای یەکدا کەوتنە خوارەوە. شکستیان لە عێراق بەوەی گەیاندن سیاسەتی میللیتاریستی کە کولەکەی روحی ئەمریکایە بیگۆڕن و سیاسەتی ڕێکەوتن و دیپلۆماسی پیادە بکەن لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا، بەم سیاسەتەیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا لە یەک مەوقیعدا لە بەرامبەر جەماوەری فراواندا سەنگەریان گرت.

ئەمڕۆ قەیرانی بۆرجوازیە لە هەموو رووییەکەوەیە ئەیانەوی ئاکامەکانی ئەم قەیرانە بە سەر چینی کرێکاردا بشکێننەوە، چینی کرێکار لە حاڵەتی بەرگری کردندایە لە خۆی، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان ئەوە پێشان دەدەن کە کۆمۆنیزم و چەپ لە برەودایە،گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی مارکس، چوونە ژێر پرسیاری بۆرجوازی بە هەموو باڵەکانیەوە، باڵاکردن و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و ئیعترازاتی ملیۆنی کرێکاران لە سەرانسەری دنیادا، بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بەرنامەیەکی ڕۆشنەوە، لە ئاستی جیهاندا ئەوە پێشان دەدەن چەپ و کۆمنیزم لە گەشەدان، بە تایبەت ئێستا کە سۆسیالیزمی بۆرجوازی بەتەواوەتی گۆڕەپانەکەی چۆڵ کردووە.

لە عێراق و کوردستان بەبێ چوون چرا لە ژێر کارکردە جیهانیەکاندا قەرار دەگرێت و چەپ و کۆمۆنیزم شانسی بەهێز بوون باڵاکردنیان هەیە. بەتایبەت بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم هەرچی زەخیرەیان هەیە بەکاریا هێنا و دیموکراتیەت و خۆشخەیاڵی ئیتر تەواو، سەددام حوسێن رۆیشت، ئەمەی هەیە ئەوەیە کە پێی دەڵێن دیموکراتییەت، ئەگەرچی کێشەی عێراق و کوردستان کێشەیەکی سیاسییە پێش ئەوەی کێشەیەکی ئابووری بێت، بەڵام ئەم قەیرانە سەرلێشێواوی ئابووری بورژوازی عێراق قووڵتر دەکاتەوە. لە کوردستان ناسیونالیزم گیری کردووە و بێ ڕێگەچارەیە. لەلایەکەوە رووبەڕووی ئیعترازات و ناڕەزایەتی جەماوەری فراوانی خەڵکە و لەلایەکی ترەوە ئەو جێگەو ڕێگەیەی کە ئەمریکا پێیدابوون، ئیتر لەژێر مەنگەنەدایە. نە ئەمریکا نە ئێران و نە تورکیا بەم جێگەیەی ناسیونالیزم رازی نین، حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێم کێشەکانیان لەسەر هەندی مەسائلی لاوەکی نییە، کێشەکە لەسەر جێگە و مەکانەی ناسیۆنالیزمی کورد و حکومەتی مەرکەزییە، لە ئێرانیش و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی خەریکە لەوێ شکڵ دەگرێت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە حزبێکی بەهێزە و ئێستا بە هۆی بوونی تەلەفزیۆنی (کەناڵ جدید)ەوە گۆڕاوە بە هێزیکی جددی و ئەگەری ڕوودانی شۆڕشێکی سۆشیالستی لە ئێران مەسەلەیەکی گرنگ و نزیک ڕوودانە، لە جێگە و ڕێگەی ئەڵمانیا و روسیای سەردەمی لینین دەچێت، من پێمواییە کوردستانی عێراق یەکەم شوێنێکی دنیایە دەکەوێتە ژێر کارکردی هەر ئاڵوگۆڕێکەوە کە لە ئێران روو بدات، بۆیە ئاسۆی بەهێز بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان یەک مەسەلەی واقعییە. من لەو باوەڕەدام کۆمۆنیزم لە کورت ماوەدا دەگۆڕێت بە یاریکەرێکی سیاسی بەهێزی گۆرەپانی سیاسی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە ئێمە هەیە، ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالستی مەقبولییەتی هەیە و ئەڵتەرناتیڤی واقیعی و زەروریی ئەمڕۆی نەک تەنها کوردستان، بەڵکو سەرانسەری جیهانە.